وەڵامی راست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. ئابووریناس.............بە یەکەم کەس دادەنرێت کە بایەخی بە ئامارەکانی داهاتی نەتەوە داوە:

A- گریگوری کینگ B- ئەلفرێد مارشاڵ C- دیڤید ریکاردۆ D- جۆن ماینارد کینز

٢. هۆکارە دیارەکانی زیادبونی خەرجییە گشتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ :

A- زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان B- دابەزینی بەهای دراو C- دارایی و ئابووری D- ( A و B ) ڕاستن

٣. بریتییە لە یەکگرتنی چەند پرۆژەیەکی ئابووری کە هەریەکەیان سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەن و بەڕێوەبردنێکی نوێ دێتە کایەوە:

A- کارتێل B- ترست C- تەواوکاری ئابووری D- ڕێکخراوە ئابوورییە هەرێمییەکان

٤. پێگەی ( Free Lancer ) نمونەیەکە بۆ بازرگانی ئەلکترۆنی:

A- لە کۆمپانیاکانەوە بۆ بەکاربەر B-لە کۆمپانیا بۆ کۆمپانیا
C- لە نێوان کۆمپانیاکانەوە بۆ حکومەت D- لە بەکاربەرەوە بۆ کارە بازرگانییەکان

٥. کام لە مانە لە پێکهێنەرەکانی کەرتی شمەك نییە :

A-بانکەکان و خانوبەرە و بیناکان B- دامەزراندن و بیناسازی
C- کشتوکاڵ و دارستانەکان و ڕاوکردن D- کارەبا و گازی سروشتی و ئاو

٦. بەراوردێکە لە نێوان ژمارەی هەلی کاری پێویست و هەلی کاری ڕەخساو:

A- تێکرای بێکاری B- بێکاری شاراوە C- قەبارەی بێکاری D- هێزی کارکەر

٧. پابەندبون بە ڕێسای.............. سودەکەی ئەوەیە کە ڕێگە دەدات بە دەسەڵاتی یاسادانان کە چاودێری دابەشکردنی سامانە گشتییەکان بکات لە کەرتە جیاوازەکاندا:

A- تەرخان نەکردنی دەسهاتەکان B- گشتگیری C- هاوسەنگی بودجە D- ساڵانەی بودجە

٨. بە یەکێك لە خێراترین ئابوورییە پەرەسەندوەکان دادەنرێت لە جیهاندا و بازارێکی گەورە پێکدەهێنێت بە هۆی ژمارەی دانیشتوان و هێزی شتکرینیان :

A- ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی B- کۆمەڵەی بریکس C- بانکی یەکلاکردنەوەی نێو دەوڵەتی D- ترست

٩. لە ڕوی دوبارەبونەوە لە دابەشکردنی دەسهاتی گشتیدا دەرکردنی دراوی نوێ و قەرز بریتییە لە :

A-دەسهاتی بنەڕەتی B- دەسهاتی نائاسایی C- دەسهاتی ئاسایی D-دەسهاتی داتاشراو

١٠. ڕەنج لە یەکێك لە فەرمانگەکانی سلێمانی فەرمانبەرە،مانگانە ( ٦٠٠٠٠٠دینار ) وەردەگرێت و بری ( ٤٪ ) باجی ڕاستەوخۆ دەدات ، ( ٨٥٪ ) داهاتەکەی بۆ بەکاربردن تەرخان دەکات ، ئایا داهاتی ڕەخساوی چەندە؟

A- ٤٧٦٠٠٠ دینار B- ٥٦٧٠٠٠ دینار C- ٥٧٦٠٠٠ دینار D- ٦٧٥٠٠٠ دینار

١١. پەیوەندی نێوان تێکرای هەڵاوسان و تێکرای بێکاری ئابووریناسی بەریتانی.............. لێکیداوەتەوە:

A- ولیام ماکینلی B- ئارثەر ئۆکۆن C- فیشەر D- ولیام فیلیپس

١٢. ئەم جۆرە هەڵاوسانە دەبێتە هۆی زیادبونێکی زۆر گەورە لە نرخەکاندا،کە تێکرای هەڵاوسانەکە دەگاتە ژمارەی خانە چوارییەکان:

A- هەڵاوسانی نەختینەیی B-هەڵاوسانی خواست C- هەڵاوسانی هێنراو D- هەڵاوسانی سەرکێش

١٣. دەوڵەت بەرەو ئەوە دەبات جیاکاری بکات لە نێوان ئەو پرۆژانەدا کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی لەسەر بنەمای ئەو کەڵکە بە کۆمەڵەی دروستی دەکەن هەر بە پێی ئەوەش بڕیاریان لەسەر دەدرێت:

A- ڕێسای ئەوپەڕی کەڵک  B- ڕێسای ئابووریانە لە خەرجکردن و بەڕێوەبردندا

C- ڕێسای ڕێگە پێدان  D- ڕێسای دابەشکردنی جوگرافییانە

١٤. بەوە ناسراوە کە کارێکی خێراو ئاسانە لە جێبەجێکردندا، بەڵام دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەرەسهێنانی نەختینەیی بە خێرایی ڕوو بدات و لاسەنگی لە تەرازووی پارەداندا دروست بکات:

A- قەرزی دەرەکی  B- ڕەسم  C- دەرکردنی دراوی نوێ  D- قەرزی زۆرەملێ

١٥. ئەم جۆری چاودێریکردنە یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای کارکەران لە ناو یەکە کارگێڕییەکان بە ئاستە جیاوازەکانییەوە :

A- چاودێری دواتر  B- چاودێری خۆیەتی  C- چاودێری پێشوەختە  D- چاودێری سەربەخۆ

١٦. لە قۆناغەکانی تەواوکاری ئابووری قۆناغی ................ سەربەستی گواستنەوەی بنەماکانی بەرهەمهێنان بە تایبەتیش کارو سەرمایە دەگرێتەوە لە نێوان وڵاتە ئەندامەکان:

A- بازرگانی ئازاد  B- یەکێتی ئابووری تەواوەتی  C- یەکێتی گومرگی  D- دامەزراندنی بازاڕی هاوبەش

١٧. ماوەی مانەوەی سوڕی ژیانی بەرهەم زیاد دەکات یان کەم دەکات، بە پێی:

A- گونجانی تەکنەلۆژیای پێویست بۆ بەرهەمهێنانی  B- تێچوونی گواستنەوەی بەرهەمەکە

C- ماوەی پاراستنە هزرییەکەی  D- ( A و C ) ڕاستن

١٨. لایەنگرانی قوتابخانەی ڕێبازی سروشتی باوەڕیان وابوو کە تاکە سەرچاوە بۆ سامان بریتییە لە:

A- ( زەوی ) کشتوکاڵ  B- کانزاکاری  C- بازرگانی  D- پیشەسازی

١٩. بۆ خۆ لادان لە گرفتی دووجار حسابکردن لە کاتی حسابکردنی داهاتی نەتەوە ڕێگای.................بەکاردەهێنرێت:

A- بەهای زێدەدانراو  B- خەرجکردن  C- داهاتی دەستکەوتوو  D- ( A و B ) ڕاستن

٢٠. نەبوونی شارەزایی و زانیاری لای حکومەت بەرامبەر کاردانەوەی نێردەرە بیانییەکان، دەوڵەت.................. بەکاردەهێنێت:

A- ڕەسمی گومرگی  B- ڕەسمی لێکدراو  C- سیستەمی پشکایەتی  D- کۆمەکی ڕاستەوخۆ

٢١. ئەم جۆرە باجە داد پەروەری زیاتر بەدیدەهێنێت چونکە بە پێی گۆڕانی بەهای دەفری باجەکە ئەویش دەگۆڕێت:

A- باجی پێوانەیی  B- باجی هەڵکشاو  C- باجی دابەشکراو  D- باجی ڕێژەیی

٢٢. سەرا پای خواست یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی هۆکارە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی وەک داهات و کارکردن و بەرهەمهێنان، بەرپرسیشە لە دەرکەوتنی بارگۆڕانی ئابووری، بە پێی:

A- بیردۆزی وەبەرهێنان  B- بیردۆزی شۆمپیتەر  C- بیردۆزی کینز  D- بیردۆزی نەختینەیی

٢٣. جێبەجێکردنی کرداری بۆ بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا دەستپێکرد لە کانونی دووەمی ساڵی:

A- ١٩٥٦  B- ١٩٥٧  C- ١٩٥٨  D- ١٩٥٩

٢٤. عێراق لە کاتی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پەنای بردە بەر جێبەجێکردنی بودجە:

A- نائاساییەکان  B- پاشکۆکان  C- سەربەخۆکان  D- ئاساییەکان

٢٥. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ماوەی ( ١٩٤٧-١٩٦٧ ) ئەنجام دراوە دەرکەوتوە کە بانکی نێو دەوڵەتی سێیەکی یارمەتییەکانی کە پێشکەشیکردون بۆ ئەم پرۆژەیە بووە :

A- بازرگانی و پاراستنی ژینگە  B- وزەی کارەبا و گواستنەوە  C- ئاسایشی خۆراک  D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٢٦. له كاریگەرییە ئابوورییەكانی داكشانەوەیە :

A- بەرزبونەوەی نرخی پشكەكان لە بازاڕە داراییەكان.
B- كەمبونەوەی داواكاری لەسەر دەستی كار.
C- بەرزبوونەوەی ئاستی پەرەسەندنی ئابووری.
D- زیادبونی فرۆشتنەكانی شمەكی بەكاربردنی تەمەندار.

٢٧. یەكەم كەس بوە كە لێكۆڵینەوەی لە سەر زیادبوونی خەرجییە ڕاستەقینەكانی ئەوروپا ئە نجامداوە لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدە :

A- گراهام بیل
B- هاری وایت
C- ئەدۆلف ڤاگنەر
D- سیریل پاركنسون

٢٨. ئەم قەرزە نابێتە هۆی زیادبونی سامانی نەتەوەو كار ناكاتە سەر نرخی دراوگۆڕینەوەی دراوە نیشتمانییەكە :

A- قەرزی زۆرەملێ
B- قەرزی ماوەكورت
C- قەرزی دەرەكی
D- قەرزی ناوخۆ

٢٩. ئەگەر دەوڵەت ناچاربێت بە دەركردنی دراوی نوێ بۆ پڕكردنەوەی خەرجییە گشتییەكان، پێویستە ڕەچاوی ئەو مەرجە بكات :

A- دراوەكە نوێیەكە پێویستە لە ماوەی نزیك لە یەكتری بخرێتە بازاڕ
B- تەرخان بكرێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەی وەبەرهێنانی نوێ
C- پێویستە دەزگای بەرهەمهێنان لە وڵاتدا نەرم بێت
D- ( B و C ) ڕاستن

٣٠. بریتییە لە دەستەیەكی سەرەكی لە دەركردنی بڕیارەكان و پێشنیاركردنی یاساكان بۆ پەرلەمانی ئەوروپی وبارەگاكەی دەكەوێتە شاری برۆكسل :

A- ئە نجومەنی یەكێتی ئەوروپا
B- كۆمیسیۆنی ئەوروپا
C- بانكی ئەوروپی
D- ئە نجومەنی ئابووری

٣١. بە كۆنترین جۆری باج دادەنرێت كە لە وڵاتانی ئەوروپادا جێبەجێكراوە تاسەدەی نۆزدەهەم، لەم سەردەمەدا هەموو وڵاتە پێشكەوتوەكان و پەرەسەندووەكان وازیان لێهێناوە چونكە دەیانەوێت داد پەروەری لە باجدا بەدیبهێنن :

A- باجی هەڵكشاو
B- باجی دابەشكراو
C- باجی داكشاو
D- باجی نەگۆڕ

٣٢. زۆربەی كات بنەمای داد پەروەری ناهێنێتە دی، چونكە بەسەر هەموو كەسەكاندا وەك یەك دەسە پێنرێت و بڕەكەی دیاریكراوە بێئەوەی جیاوازی بكات لە نێوان تواناى كەسەكان بۆ پێدانی :

A- باجی نەگۆڕ
B- قەرزی زۆرەملێ
C- ڕەسم
D- باج

٣٣. ئەو خەرجییانە دەگرێتەوە كە تەرخانكراون بۆ گێڕانەوەی قیست و سوەكانی قەرزی گشتی و كاغەز و قەباڵە داراییەكانی تر :

A- خەرجی دارایی
B- خەجی ئابووری
C- خەرجی كارگێڕی
D- خەرجی ئاسایی

٣٤. دوای بڵاوبونەوەی قەیرانی ئابووری گەورەی جیهانی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٢٩-١٩٣٣ ) ( بیردۆزی ئابووری كینز ) دەركەوت لە پێناو پارێزگاریكردن لەمانەوەی :

A- قوتا بخانەی سۆشیالیستی
B- سیستەمی سەرمایەداری
C- قوتا بخانەی كلاسیكی
D- سیستەمی دارایی دەوڵەتی پاسەوان

٣٥. دەبێتە هۆی لاوازبونی هەستی هاووڵاتیبون و نەمانی ئینتمای نیشتمانی :

A- باج
B-ڕەسم
C- بێكاری
D- قەرزی زۆرەملێ

٣٦. ئەم وڵاتە چاودێرە لە ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی :

A- سویسرا
B- مەغریب
C- ئۆرگوای
D- سودان

٣٧. بە بەناوبانگترین ئابووریناس دادەنرێت لە دارشتنی لایەنی بیردۆزی تەواوكاری ئابووری :

A- بیلا بلاسا
B- ویلیام ماكنلی
C- هاری وایت
D-ئەلكسەندەر فیكتۆریا

٣٨. بە یەكەم وڵات دادەنرێت لە بڵاوكردنەوەی بازرگانی ئەلیكترۆنی، نزیكەی( ٨٠٪ ) ی سەرجەم بەكارهێنەكانی ئینتەرنێت بە لایەنی كەمەوە كرداریكی كڕین ئە نجامدەدەن :

A- چین
B- ئەمەریكا
C- ژاپۆن
D- فەرەنسا

٣٩. لە مەرجەکانی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی بۆ ڕاکێشانی پارە پێویستە وڵاتانی ئەندام پابەندبن بە دەستخۆشانەیەك کە لە نێوان...............دابێت:

A- (٠,٤ - ١٪)   B- (٠,٤ - ٢٪)   C- (٠,٥ - ١٪)   D- (٠,٥ - ٢٪)

٤٠. دەوڵەت پەنا بۆ ئەم ڕێگەیەی قەرزکردنە نابات، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە دەترسێت بەهای تەواوەتی قەرزەکەی دەستنەکەوێت لە کاتی گرێبەستەکەدا:

A- قەرزی بێ بەرهەم   B- گرێبەستی ڕاستەوخۆ   C- گرێبەستکردن لە بۆرسە   D- گرێبەستی نا ڕاستەوخۆ

٤١. ئەم جۆرە بێکارییە بە زۆری لە وڵاتە پەرەسەندووەکان لە کەرتی کشتوکاڵ و دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە:

A- بێکاری شاراوە   B- بێکاری ئاشکرا   C- بێکاری بەخول   D- بێکاری وەرزی

٤٢. لە بەرامبەر بەشداریکردنی لە چالاکییە ئابوورییەکاندا، جا جەستەیی بێت یان بیری، تاك دەستی دەکەوێت:

A- سوو   B- کرێ   C- موڵکانە   D- قازانج

٤٣. لە قۆناغەکانی ڕێکخستنی بودجەی گشتی بە قۆناغی سێیەم دادەنرێت:

A- چاودێریکردنی بودجە   B-ئامادەکردنی بودجە   C- جێبەجێکردنی بودجە   D-پەسەندکردنی بودجە

٤٤. هەموو کەمبوونەوەیەك لە قەبارەی داهاتی نەتەوە بە ڕێژەی (٢٪) دەبێتە هۆی زیادبونی تێکڕای بێکاری بە ڕێژەی (١٪) ئەم یاسایە ناسراوە بە:

A- یاسای ڤاگنەر   B- یاسای ئۆکۆن   C- یاسای پارکنسۆن   D- یاسای ئۆلین

٤٥. کەمکردنەوەی...............لەسەر سپاردەکان، پاشەکەوتکاران ناچار دەکات بە دوای وەبەرهێنانی بەرهەمهێن بگەڕێن، بۆ خستنە گەڕی سەرمایەکانییان لە جیاتی پاشەکەوتکردن:

A- نرخی سوو   B- خەرجی حکومی   C- باجەکان   D- (A و C) ڕاستن

٤٦. لە ڕووی یاساییەوە بە بەرزترین دەسەڵاتی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی دادەنرێت:

A- بەڕێوەبەری گشتی   B- دەستەی فەرمانبەرانی سندوقەکە

C- ئەنجومەنی بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان   D- ئەنجومەنی پارێزگاران

٤٧. کورت هێنانی بودجە ئەو دۆخەیە کە:

A- خەرجییە گشتییەکان کەمترن لە دەسهاتە گشتییەکان   B- نێردراوەکان کەمترن لە هێنراوەکان

C- خەرجییە گشتییەکان زۆر زیاترن لە دەسهاتە گشتییەکان   D- نێردراوەکان زیاترن لە هێنراوەکان

٤٨. ئابووریناسی فەرەنسی (ئەنتوان دی مونکراتیان) یەکەم کەس بووە لێکۆڵینەوەی لە بابەتی مەزهەبی بازرگانی کردووە لە کتێبی:

A- ئابووری بازاڕ   B- بنەماکانی ئابووری ڕامیاری و باجەکان   C- ئابووری و داد پەروەری   D- ئابووری سیاسی

٤٩. ئەو نرخەیە کە بانکی ناوەندی لەگەڵ بانکە بازرگانییەکان مامەڵەی پێوە دەکەن:

A- نرخی سوو   B- نرخی دراو گۆڕینەوە   C- نرخی هاوسەنگی   D- نرخی داشکاندن

٥٠. سەکۆیەکی بازرگانی ئەلیکترۆنییە (٢,٥) ملیۆن فرۆشیارو (٤٥,٧) ملیۆن ئەندامی ئەکتیڤی هەیە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە لە ساڵی ٢٠١٩:

A- ئیتسی   B- ئی بەی   C- ئەمازۆن   D- ئۆبن کارت